# شانۆی منداڵ لە سوێد

د. فازڵ جاف

(١- ٣)

هـۆكاری سـەرهەڵدانی شـانۆی منـداڵ لـە سـوێد، وەک لە زۆربـەی وڵاتانی ئەوروپـادا، بـۆ بووژانـەوەی چالاكییەكانـی شـانۆی قوتابخانـەكان دەگەڕێتـەوە. بەڵگـەكان ئـەوە دەسـەلمێنن كـە چەنـدان جـۆر چالاكیی شـانۆیی لە سـەرەتای سـەدەی شـانزەهەمەوە لـەو قوتابخانانـەدا جێبەجـێ كـراون، كـە زمانـی لاتینییـان تێـدا دەخوێنـرا، كـە تێـدا قوتابیانـی قوتابخانـەی زمانـی لاتینـی شـانۆگەری و سـكێچی درامـی جۆراوجۆریـان نمایـش دەكـرد.

شـانۆنامەی (كۆمیدیـای توبیـی Tobie comedia) كە لـە سـاڵی ١٥٥٠ چـاپ كـراوە، بـە یەكـەم دەقـی چاپكراوی شـانۆنامەی قوتابخانەیـی دادەنـرێ، دیـارە ئەم شـانۆنامەیە تاكە شـانۆنامەیە كـە لـەو سـەردەمەدا نووسـرابێ و گەیشـتبێتە دەسـتمان، دواتـر شانۆنووسـی سـوێدی ئۆگسـت ستریندبێرگ دیمەنێكی كورتی ئەم شـانۆنامەیەی وەک دیمەنێكی سـەرەتا، بـۆ شـانۆنامە مێژووییـە بەناوبانگەكـەی (ماسـتەر ئۆلـۆف Mäster Olof) بـەكار هێنـاوە.

بەڵگـەكان ئـەوە دەردەخـەن كـە نووسـەرانی ئـەو شـانۆنامانەی لـە قوتابخانەكاندا نمایش كـراون، تەنیا لەلایـەن مامۆسـتا و پەروەردەكارانـەوە نووسـراون، واتـە مامۆسـتایان ڕۆڵێكـی گرنگیـان هەبـووە، نـەک تەنیـا لـە پێشكەشـكردنی شـانۆگەری بـۆ منـداڵان، بگـرە ئـەوان لـە نووسـینی ئەدەبـی شـانۆیی منداڵانیشـدا پێشـەنگ بـوون. نموونەیەكـی باشـی ئـەو شـانۆنامانە شـانۆنامەی (تیسـبی Tisbe)یـە، كـە لـە سـاڵی ١٦٠٠ لەلایـەن بەڕێوەبـەری قوتابخانەكـەوە نووسـراوە.

سـەبارەت بە شـانۆنامەی (شـاژنە دیسا Drottning Disa) كە لەلایـەن پرۆفیسـۆر (جوانـس مێسـنیۆس Johannes Messenius)ـەوە نووسراوە، لە ڕەوتی شـانۆی قوتابخانەكانـی سـوێددا بـە وەرچەرخانێكـی ڕاسـتەقینە دادەنـرێ. ئـەم شـانۆگەرییە، لـە دەرەوەی قوتابخانـە، لەسـەر شـانۆیەک كـە دەكەوێتـە یەكێـک لـە گۆڕەپانـە گشـتییەكانی شـاری (ئۆپسـالا)ی دێرین نمایـش كـرا، هەڵبەتـە هـۆكاری ئـەوەی نمایشـەكە لـە گۆڕەپانـی شـاردا نمایـش كـرا، بـۆ ئـەوە بـوو تاكوو زۆرترین ژمـارەی قوتابییـان و گەنجانی شـاری ئۆپسـالا نمایشـەكە ببینـن.

تـا كۆتایی سـەدەی نۆزدەیەمیش هیچ شـانۆیەكی سـەربەخۆی تایبـەت بـە منـداڵان لـە سـوێد، لـە

دەرەوەی قوتابخانەکاندا نەبوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە (ستۆکهۆڵم)ی پایتەخت و لە شارە گەورەکانی وەک یۆتۆبۆری نمایشی شانۆیی جۆراوجۆر بۆ منداڵان پێشکەش دەکرا. تیپی (لاڤین ئینگدال Laven-Engdahls) لە شاری یۆتۆبۆری یەکێک بوو لەو تیپانەی شانۆگەری بۆ منداڵان نمایش دەکرد. ئەم تیپە بریتی بوو لە چەندان ئەکتەری بە تەمەن، شانبەشانی ژمارەیەک ئەکتەری منداڵ کە ڕۆڵی منداڵیان دەگێڕا. لە ساڵی ١٨٦٨ـەوە بەرنامەی تیپەکە پانتاییەکی فراوانی بۆ نمایشی ئەو شانۆنامانە تەرخان کرد، کە بابەتەکانیان لە ئەدەبیاتی شانۆییەوە سەرچاوەیان دەگرت. تیپەکە لە سەرەتای دروستبوونییەوە نمایشەکانی بۆ منداڵانی شاری یۆتۆبۆری GÖteborg نمایش دەکرد، دواتر نمایشەکانی گواستەوە بۆ ستۆکهۆڵم.

توێژەری سوێدی مارگریتا سۆرێنسۆن Margareta Sorenson لە کتێبی "مێژووی شانۆی سوێدی"دا دەڵێ: منداڵانی چینی بۆرژوا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە چەندان شێواز دەرفەتی ئاشنابوونیان بە شانۆ بۆ ڕەخسابوو، هەرچەندە شانۆی شەقام بۆ هەموو خەڵکی شارەکان کراوە بوو، بەڵام لە ماڵی خێزانە بۆرژواکاندا، شانۆی بووکەڵە (ماریۆنێت)، شانۆی سێبەر، شانۆی ناو خێزان (شانۆی ماڵەوە) هەبوون و خوێندنەوەی چیرۆک و داستان بە دەنگی بەرز، کتێبیان لە ناو خێزانەکاندا کردبوو بە کولتوورێکی باو، بۆیە ئەو کەسانەی ئارەزوومەندی شانۆ بوون، هەر لە ماڵەوە شتێک لەبارەی شانۆوە فێر دەبوون.

سۆرێنسۆن ئاماژەی بەوەش کردووە کە، "جۆرێک لە شانۆی ماڵەوە، واتە شانۆی ناو خێزان، کە پێی دەگوترا شانۆی (نموونەیی)، لە ساڵی ١٨٨٠ـەوە لە سوێد پەیدا بووبوو، ئەمەش بۆ ئەوەی منداڵان هەر لە سەرەتاوە بە شانۆ ئاشنا بن. ئینگمار بێرگمان لە فیلمە بایۆگرافییەکەیدا (فانی و ئەلێکساندەر) ئەم شێوە هونەرمەندانەیەی پیشان داوە. منداڵەکان لە فیلمەکەدا ئەو پارچە کارتۆنانە دەکڕن کە نەخشەی دیمەن و کارەکتەرەکانی شانۆنامەکەی تێدا کێشراوە، بەو شێوازە دەگوترا (شانۆی پێگاسۆس)، پاشان بە مەقەست کارتۆنەکانیان بە گوێرەی دیمەنەکان دەبڕییەوە و لە شێوەی شانۆ و دیمەنی جیاجیا ڕۆڵیان تێدا دەگێڕا، ئەم دیمەنانە هەمان ئەو دیمەنانە بوون کە لە شانۆدا نمایش دەکران. بۆ نموونە ستریندبێرگ شانۆیەکی بووکەڵەی لە ماڵەکەی خۆیدا هەبوو، هاوکات لەگەڵ هاوڕێکانی یانەیەکی شانۆی (کاسپەر)یان هەبووە، ئەوان خۆیان بووکەڵەکانیان دروست دەکرد و هەر خۆشیان لە هەمان ماڵدا یارییان پێ دەکردن و هەڵیان دەسووڕاندن.

ئەو دەمە نمایشەکانی شانۆی منداڵ لە سوێد بە تەواوەتی گەڵاڵە بوون، کە نووسەران و دەرهێنەران، چیرۆک و حیکایەتیان لە کتێبە بەناوبانگەکانی ئەدەبی منداڵانەوە بۆ نمایشەکانیان ئامادە دەکرد. خوێندنەوەی کتێبی منداڵان و گێڕانەوەی چیرۆک و حیکایەتە کلاسیکییەکان بۆ منداڵان دابونەریتێکی کۆنە و هەمیشە لە سوێد کۆڵەکەیەکی گرنگی شانۆی منداڵان بووە. هەر لە سەرەتاوە ئەو چیرۆک و حیکایەتانە بوون بە کەرەستە و بنەمایەک بۆ نواندن و نمایشکردن، دواتریش بوون بە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ شانۆنامەنووسانی شانۆی منداڵ. منداڵانیش بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە، ئاشنای کارەکتەر و ژینگە و دیمەنەکانی نمایشەکە دەبوون. چیرۆکی نووسەرانی ناوداری وەک ئەستریدی لیندگرێن Astrid LIndgren، گۆستا کنوتسۆن Gösta Knutsson، تۆڤە یانسۆن Tove Jansson و پەروەردەکارە بەناوبانگەکانی شانۆی منداڵ وەک: ئەلیسا بیسکۆڤ Elsa Beskow و ئەلیسا ئۆلینۆس Elsa Olenius بوونەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند

بۆ شانۆنامە بەناوبانگەکان کە منداڵان بەردەوام ئارەزووی بینینیان دەکەن.

ئەو شانۆنامانەی کە لە چیرۆکە بەناوبانگەکانی لیندگرێن، کنوتسۆن و (یانسۆن)ـەوە وەرگیراون، پێگەیەکی دیاریان لە بەرنامەکانی (ڕێپێرتوار)ی شانۆی منداڵدا هەیە. زۆربەی منداڵان پێش ئەوەی لەسەر شانۆ تەماشای شانۆگەرییەکان بکەن، لە ڕێگەی خوێندنەوە و گوێگرتنەوە لەگەڵ جیهان و کەش و کارەکتەری چیرۆکەکاندا ئاشنا بوون.

لە ساڵی ١٩٠٠ نووسەر و پەروەردەکار (ئیلین کی Ellen Key) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی (منداڵانی سەدە)، کە ناوبانگێکی جیهانیی بەدەستهێنا و وەرگێڕرایە سەر چەند زمانێک، لەوانە زمانی سوێدی، تێیدا جەختی لەسەر پێویستیی پراکتیزەکردنی تەکنیکی خوێندنەوە بە دەنگی بەرز بۆ منداڵان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی منداڵ لە تەمەنێکی بچووکدا ئاشنای فۆرمە جۆراوجۆرەکانی هونەر بێ.

ئیلین کی پێی وایە حیکایەتخوانی و خوێندنەوەی چیرۆک و داستان بۆ منداڵان لەلایەن دایک و باوکەوە یارمەتییان دەدات، بەهای ئەخلاقی و جوانکارییان لەلایان دروست بێ، هەروەها لە پەروەردەکردنی منداڵ بە شێوەیەکی دروست بەشدارییەکی کاریگەر دەکا. بەگشتی ئیلین کی ئاماژەی بەوە داوە کە گرنگە منداڵ لە قۆناغی سەرەتای ژیانیدا ئاشنای بەها جوان و داهێنەرانەکان بێ.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سوێد لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا، بە هەموو لقوپۆپەکانییەوە، بووژانەوەیەکی خێرای بە خۆوە بینی، لەوانە بۆ نموونە بزووتنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی منداڵان باش گەشەی کرد، هونەریش بە ئامرازێکی کاریگەر بۆ پێکهێنانی سەلیقەی جوانکاریی منداڵ دادەنرا، هەروەها گرنگی بە چاپکردنی کتێبی وێنەدار و بە دیزاینی هونەریی ئاست بەرز و ڕازاوە بە تابلۆی نایاب درا، کە لە مێژووی هونەری شێوەکاری سوێددا بەناوبانگن. ئەرکی دیزاینکردنی ئەم کتێبانە بە هونەرمەندانی لێهاتوو لە هونەری نیگارکێشاندا سپێردرابوون. بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی تابلۆ بەناوبانگەکان ڕۆڵێکی کاریگەری لە داڕشتنی سەلیقەی هونەریی منداڵاندا هەبوو. ئەرکی منداڵان ئەوەبوو کە تابلۆکان لە دیمەنی دراماتیکدا، لە ژێر چاودێری هونەریی مامۆستایانی دراما بەرجەستە بکەن، ئەم شێوازە دراماتیکییە، لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی نمایشەکانی قوتابخانە و ناوەندە شانۆییەکاندا بڵاوبووەوە.

گۆڕینی تابلۆ دانسقەکانی نیگارکێشان بۆ سینۆگرافیای جوان و دیکۆر و جلوبەرگ و ئێکسسواری نایاب لەسەر شانۆدا، وەک داهێنانێکی نوێ و دەستپێشخەرییەکی هونەری جیاواز، بۆ مامۆستای پێشەنگ (ئێلسا بیسکۆڤ Elsa Beskow) دەگەڕێتەوە، کە شانۆگەرییەکانی بۆ منداڵان لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنی ئەو چیرۆکانە نمایش دەکرد. بیسکۆڤ کاری لەسەر شاکارەکانی نیگارکێشە بەناوبانگەکانی سوێد دەکرد، پێسکۆڤ وەک دراماتورگێکی کارامە ئەرکی داڕشتنی گرێچنی شانۆنامەکە و دیالۆگ و ئاخاوتنی کارەکتەرەکانی گرتبووە ئەستۆ و بەم شێوازی ئامادەکارییە دراماتیکییە لە سەرانسەر شانۆکانی سوێددا ناوبانگی دەرکرد. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٠دا بە زنجیرە نمایشێک بۆ منداڵان سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، نمایشەکان بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ وەرز لە شوێنە گشتییە کراوەکانی ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری نمایش کران.

ئەکتەرەکانی ئەم نمایشانە بەزۆری منداڵ بوون، بێجگە لە یەک ئەکتەری بە تەمەن، کە وەک حیکایەتخوان چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە و لە

نێوان دیمەنەکاندا دەردەکەوت. دیمەکانیش وەک باسم کرد، بە تەواوی هاوشێوەی وێنەکانی ناو کتێبەکە بوون. دیکۆرەکان لە ستۆدیۆی شانۆی ئۆپێرا ئامادە دەکران، کە هەموو کەرەستە و پێداویستییەکی نمایشەکەی بە هەموو ئەو ئێکسسوار و جلوبەرگ و وردەکارییانەوە، وەستایانە و کارامانە ئامادە دەکران. ئەم پیشەمەندێتییە لە کاری تەکنیکدا پێویست بوو، بۆ ئەوەی جیهانی فانتازیا و ڕۆمانسییەتەکەی پێسکۆڤ بە وردترین وردەکارییەوە لەسەر شانۆدا پیشان بدرێ.

نیگارکێشی سوێدی (جۆن باوەر John Bauer) کە لەلای منداڵان هونەرمەندێکی زۆر خۆشەویست بوو، شانۆنامەی (ماتس و پیتەر و ئەو شازادەیەی کە ناوبانگی ئەفسووناوی بەدەست هێنا) نووسی، پاشان تابلۆکانی دیکۆر و جلوبەرگەکانی شانۆگەرییەکە بەهەمان ڕۆحییەت دیزاین کرد. نەخشەکان لە تابلۆکانی ڕاوچییەکان و بوونەوەرە خەیاڵییەکانی ناو دارستانە ترسناکەکان پێکهاتبوون.

سەرەتای سەدەی بیستەم لە سوێد بە قۆناغی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی فانتازیا دادەنرێ، بەو پێیەی ڕۆمانسیزم و کارەکتەری فانتازیای گرۆتێسکئامێز بە گشتی بەسەر هونەری نیگارکێشیدا زاڵ بووە، ئەمەش زۆر لەو بەرهەمانەدا دەردەکەوێ، کە نهێنیی سروشتی سوێد و سیحری دارستانە بەرفراوانەکانی و کەشوهەوای پڕ لە نهێنی وێنا کردووە. ئەرکی سەرەکی هونەرمەندانی شێوەکار بریتی بوو لە گەیاندنی پەیامی ئەخلاقی بە منداڵان لە ڕێگەی چیرۆک و ئەفسانەوە. ئامانجی هونەرمەندان لەم داهێنانەدا بۆ ئەوە بووە منداڵان خۆیان بە کەسانی سادە و ڕاستگۆ و بێفیز بزانن، سەرپێچیکاریش سزای سەرپێچییەکەی وەردەگرێ و باجی خۆبەزلزانینەکەی دەدات.

## نمایشی منداڵان لە گرووپە شانۆییەکاندا

تیپی ئۆسکار Oskarteatren لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا بەرنامەیەکی شانۆیی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کرد، کە بریتی بوو لە نمایشی وەرگیراو لە چیرۆکەکانی نووسەری فینلاندی زکاریا تۆپێلیۆس Zacharias Topelius. چیرۆکەکانی تۆپیلیۆس لەو سەردەمەدا زۆر بەناوبانگ بوون، ئێستاش لەلای منداڵان، لە سوێد و فینلاند برەویان هەیە. تیپەکە لە ساڵی ١٩١١ەوە لە ستۆکهۆڵم و لە شاری یۆتۆبۆری بەردەوام شانۆگەرییەکانی نمایش کردووە. لە نێو نمایشەکانیدا گرنگترینیان شانۆنامەی (گەشتی پێر لە سۆراخی بەختەوەریدا)ی ئۆگست ستریندبێرگ بوو، کە هاوکات لەلایەن منداڵان و گەورەکانەوە بینەری زۆر بوو. لە ساڵی ١٩٢٠ شانۆی قوتابخانەکان نمایشەکانی تیپی شانۆی ئۆسکاری وەک نمایشی پەروەردەیی وەرگرت. دوای چەندان نمایشی سەرکەوتوو، لەسەر داخوازی بینەران نمایشەکانیان لە ساڵی ١٩٣١ بۆ شانۆی شاهانە (دراماتین) گواستەوە.

شانۆنامەی مرواری حەقیقەت لە نووسینی زکاریا تۆپێلیۆس لە ساڵی ١٩٣٤ ستۆکهۆڵم، پاشان لە شانۆکانی مالمۆ و یۆتۆبۆری نمایش کرا. لە ستۆکهۆڵم نمایشەکە ژمارەیەکی ڕیکۆردشکێنی لە بینەراندا تۆمارکرد، شانۆگەرییەکە بۆ ماوەی پێنج وەرزی شانۆیی لەسەر یەک، لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا بەردەوام نمایش کرا.

لەم قۆناغەدا گرنگیدان بە نمایشە شانۆییەکانی منداڵان لە شانۆی شاهانە لە هەڵکشاندا بوو. بەڕێوەبەرایەتیی شانۆی دراماتین تواناییەکی باشی بۆ ئەم جۆرە نمایشانە دابین کرد، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتیی شانۆ ئۆرکێسترایەکی گەورە و کاستێکی بیست ئەکتەریی بۆ شانۆی منداڵ تەرخان کرد. گۆڕانکارییەکان هەموو بوارەکانی تەکنیک و پێداویستییەکانی شانۆی

گرتــەوە، بەتایبەتــی دیکــۆر و ســینۆگرافیا، کــە پێشــتر بریتــی بــوون لــە وێنــە و تابلــۆی نەخشەکێشراو لە سەر کالوسەکان، یان لەسەر (سایک)ی شانۆکە کە دەکاتە دیواری بنەوەی ستەیجەکە، لەم هەنگاوەوە دیکۆر و دیمەنی سێ ڕەهەندی جێگەی نیگار و تابلۆی گرتەوە.

گرنگترین گۆڕانکاری کە لە نمایشەکانی ئەم قۆناغەدا ڕووی دا، ڕەنگە ئەو گۆڕانکارییە بێ، کە لە پەیامی ئەخلاقی نمایشەکەدا بەدی دەکرا، دەتوانین بڵێین پەیامی پەروەردەیی شانۆی منداڵ لەم قۆناغەدا بوو بە پرسی سەرەکی لە کاری هونەریدا کە لە یەکێک لەو چیرۆکانەدا لە ساڵی ١٩٤٩ دا نیشان دراوە، چارەنووسی کۆمەڵێک منداڵی سەرەڕۆ و خراپەکار دەدرێتە دەست دێوودرنجێکی درندە بۆ ئەوەی وەک سزایەک بیانخوا، بەڵام لە نمایشەکانی ئەم سەردەمەدا، کۆتاییەکەی بەو جۆرە گۆڕاوە: منداڵەکان لە جیاتی ئەوەی سزا بدرێن، بۆ چارەسەرکردنی دەروونی دەبرێنە دایەنگەیەک.

ڕەخنەگری شانۆ ئەندەرس ئۆستەرلینگ لە پێداچوونەوەیەکی نمایشەکەدا نووسیویەتی: "ڕەخنەگر لەم نمایشەدا پێویست نییە، چونکە بە دڵنیاییەوە شادیی منداڵەکان تاکە زاراوەی تەکنیکییە، کە هاوتای کاریگەرێتی گشتیی نمایشەکەیە"، بۆیە کاتێ منداڵان بە ئەزموونی شانۆیی خۆیان دڵخۆش و ئاسوودەن، ئەوە لە نمایشەکەدا گرنگترین شتە، نەک ئەوەی گەورەکان نمایشەکەیان پێ چۆنە".

شانۆنامەی (پیپی گۆرەوی درێژ)، کە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (ئەستريد ليندگرێن)ـەوە Astrid Lindgren ئامادەکراوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شانۆی ئۆسکار پێشکەش کرا، دواتر لە شانۆ گەورەکان نمایش کرا، ئەمەش گفتوگۆیەکی گەرمی لەبارەی گرنگیی ڕێبازی پەروەردەیی لیبراڵ دروست کرد. دوای ئەوەی نمایشەکە لەلایەن جەماوەرێکی زۆرەوە پێشوازی لێ کرا، شانۆگەرییەکە لە شانۆ بەناوبانگ و گەورەکاندا نمایش کرا، پاشان لە زۆربەی شانۆکانی شارەکانی وڵات پێشکەش کرا. سەرکەوتنی شانۆگەرییەکە برەوێکی زۆری بە ڕۆمانەکە دا، ئەوەبوو زۆری نەخایاند، هەر لە پاش نمایشەکان، ڕۆمانەکە چەند جارێک چاپ کرایەوە و دواتر بۆ چەندان زمان وەرگێڕدرا.

شایانی باسە کە ئەستريد ليندگرێن پاش هەر نمایشێک گۆڕانکاری ڕیشەیی لە چیرۆکی پیپی گۆرەوی درێژدا ئەنجام دەدا، بەتایبەتی کە بە شێواز و دیدگەی جیاوازەوە نمایش دەکرا، هەروەها کاردانەوە و سەرنج و تێبینییەکانی منداڵانی بە هەند وەردەگرت، دوایی بە پشتبەستن بە پێشنیاز و کاردانەوەکانیان کۆمەڵێک دەستکاریی پێویستی دەکرد.

شانۆنامەی (گەشتی پیتەری بچکۆلانە بۆ مانگ) لە نووسینی تۆپێلیۆس یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە بەردەوام لە سەری ساڵ و جەژنەکانی کریسمسدا نمایش دەکرێ. شانۆنامەکە لە شەوی سەری ساڵی ١٩٢٩دا نمایش کرا تا ساڵی ١٩٦٧ هەموو ساڵێکی نوێ لە شانۆی شاهانەدا نمایش دەکرا، زۆر کەس لە خەڵکی ستۆکهۆڵم بۆ یەکەم جار لەم نمایشەدا ئاشنای شانۆ بوون. شانۆ گەورەکانی ئەو سەردەمە هەندێک جار لە هۆڵە گەورەکاندا کێشەی کەمیی بینەریان هەبووە، بە پێچەوانەی شانۆنامەکانی منداڵان کە بینەرێکی زۆریان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا.

## شانۆی قوتابخانە

لە ساڵی ١٩٢٦ شانۆی قوتابخانە لە سوێد دامەزرێنرا، بە مەبەستی ئەوەی بۆ فێربوونی زمانەکەیان یارمەتی منداڵان و گەنجان بدا، لە هەمان کاتدا هانی منداڵان بدا تاکوو ببنە بینەری بەردەوامی شانۆ. دوابەدوای ئەوە پۆلێنبەندییەکی نوێ سەری هەڵدا، کە شانۆی

منداڵانی کردە دوو بەشەوە: شانۆی منداڵان و شانۆی لاوان، بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە تەمەنی ١٥ بۆ ٢١ ساڵە، بۆ ئەوەی مێردمنداڵان لەم تەمەنەدا بتوانن ئاشنای بەرهەمەکانی نووسەرانی وەک مۆلییێر، شەکسپیر، ئیبسین و هۆڵبێرگ بن، هەروەها نووسەرانی سوێدی وەک سەلما لاگەرلوێف، ئۆگست ستریندبێرگ و ئەوانی دیکە بناسن.

بە تێپەڕبوونی کات کەسایەتییە شانۆیی و کولتوورییەکانی دیکە بەشدارییان لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی شانۆی قوتابخانەدا کرد، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٤١ دەرهێنەری فیلم و شانۆ ئینگمار بێرگمان لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە پەروەردەی شانۆ، وتارێکی پێشکەش کرد، کە بە هاوکاری نێوان شانۆی ساگۆتێتەرن/ شانۆی حیکایەت و شانۆی قوتابخانە لە شارەوانی ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، بێرگمان لە کۆنفرانسەکەدا تیشکی خستە سەر گرنگیی شانۆی منداڵان و گوتی: "ئەم شانۆیە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگاتە گەنجانی سۆدەر (باشووری شارەوانی ستۆکهۆڵم)، ڕەنگە بینەرانی ئەو ناوچەیە لە ناوچەکانی دیکەی ستۆکهۆڵم هەژارتر بن، بینەرێکە کە ئەستەمە لە داهاتوودا وەک بینەرێکی شانۆ پشتی پێ ببەسترێ، هەروەها بێرگمان دەڵێ: "ژمارەی بینەرەکان لە شانۆگەری ( بەردەچەرخ)دا گەیشتە ٣٢٣٤ قوتابی".

بێرگمان لە وتارەکەیدا جەخت لەسەر پێویستی دروستکردنی چەند شانۆیەکی بچووک دەکا، کە نمایشی شانۆی منداڵان لە هەموو ناوچەکانی (ستۆکهۆڵم)دا پێشکەش بکا.

ئاشکرایە کە ئینگمار بێرگمان بە دەرهێنانی کۆمەڵێک شانۆنامەی منداڵان بەشدارییەکی کاریگەری لە دامەزراندنی شانۆی منداڵان لە سوێددا کردووە، ڕەنگە گرنگترینیان شانۆنامەی ( بەردەچەرخ) بێ، کە لە چیرۆکێکی نووسەری دانیمارکی (هانس کریستیان ئەندەرسن)ـەوە ئامادە کراوە، هەروەها شانۆنامەی (باڵندە شینەکە)ی تۆپێلیۆس.

هەر لەم قۆناغەدا بزاڤی شانۆیی لە شارەکانی دیکەی سوێد، بەتایبەتی لە شاری مالمۆ و هێلسینگبۆرگ، لە پێشکەشکردنی نمایشی شانۆیی بۆ منداڵان و لاوان هەنگاوی بەرچاوی نا. زۆربەی بابەت و ڕووداو و چیرۆکی نمایشەکان لە ژینگە و کەشوهەوای سەدەی هەژدە و نۆزدەیەمدا وەردەگیران، لەوانە: چیرۆکی (تۆم ساوێر Tom Sawyer) و (ڕۆبن هوود Robin Hood) و (ڕۆبنسن کروسۆ Robinson Crusoe).

### سەرچاوەکان:


-Barnteater - myter och meningar, Viveka Hagnell, Liber, 1983 Kristianstad

-Sex pjäser för barn och ungdom, Astrid Lindgren, Rabén & Sjögren 1950 Karlshamn

-Och nu då? Barnteatern inför 2000-talet, antologi utgiven av Statens kulturråd och ASSITEJ, 2000 Stockholm

-Pippi på scen, Astrid Lindgren och teatern, Martin Hellström, Makadam förlag, 2015 Halmstad

-Vår Teater - de första 60 åren, Kent Hägglund, Kulturskolan Stockholm/Stockholms kulturförvaltning, Stockholm 2002